سیناتۆرێکی ئەمریکا بۆ چوارچێوەی هەماهەنگی: ئێوە بەڵێنی بە سەرۆك ترەمپ دەکەن



جۆ وۆلسن، سیناتۆری ئەمریکا و ئەندامی پارتی کۆماریيەکان لە یەکەم کاردانەوەی بەیارەکەی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ سوربون لەسەر کاندیدکردنی نوری مالیکی ڕایگەیاند، "ئێوە بەڵێنی بە سەرۆك ترەمپ دەکەن. تاقی بکەنەوە، بڕختی خۆتان تاقیبکەنەوە و ببینن چی ڕوودەدات".

جۆ وۆلسن، لە پەیامێکی کورتدا لەسەر پلاتفۆرمی "X" بڵاویکردەوە، "بە بوکەڵەکانی ئێران لە عێراق و بە نوری مالیکی: ئێوە بەڵێنی بە سەرۆك ترەمپ دەکەن. تاقی بکەنەوە، بڕختی خۆتان تاقیبکەنەوە و ببینن چی ڕوودەدات"، هێرۆها دەڵێت، "عێراق لە ئێران ڕزگار بکەن، ئێران ڕزگار بکەن".

چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەکان دوای کۆبونەوەی دوپاتیکردەوە، پابەندە بە کاندیدکەی (نوری مالیکی) بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران و ڕایگەیاند ،کە هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیران بابەتێکی دەستوریی تەواو عێراقییە.